يەكێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
مەكتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

## ((حوكمی تەلاقی كەسی توڕە – طلاق الغضبان))

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ....فَسْئَلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان پاش ورد بوونەوە و لێكۆڵینەوە لە كەوتن یا نەكەوتنی تەلاقی كەسی توڕە (الغضبان)، دوایی گەڕانەوە بۆ بەڵگە شەرعیەكان و تێڕمان لە ڕاو بۆچوونی زانایانی كۆن و نوێ ی فیقهی ئیسلامی ، لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە ٢٠١٩/٤/٣٠ گەیشتە ئەم ڕاییەی خوارەوە:

١- ئاشكرایە كە زۆربەی ئەو كەسانەی تەڵاق دەخۆن لە كاتی توڕەییدا وشەی تەڵاق بەكاردەهێنن، كەواتە: لە كاتی توڕەیی ئاساییدا هەموو جۆرە تەلاقێك دەكەوێت بە كۆی ڕای زانایانی فیقهی ئیسلامی.

٢- ئەگەر سەلمێنرا بە ڕێگاكانی سەلماندن وەك (لیژنەی تەندروستی) كە ئەو كەسەی تەڵاقی خواردووە لەو كاتەدا عەقلی لە دەست داوە، یان هۆشی لای خۆی نەماوەن نەك بە عەمدی و بە ئەنقەست،وەك: شێت بوون یان فێ گرتبێ، ئەوە بە كۆی ڕای زاناسان ئەو تەلاقە ناكەوێت.

٣- ئەگەر پلەی توڕەییەكەی گەیشتە سنووری مامناوەند، لەنیوان هەر دوو حاڵەتەكانی سەرەوە بوو، وە دەیزانی لەو كاتەی تەڵاقەكەی خواردووە چی گوتووە و چی گوزەراوە، بەڵام كۆنترۆڵ و تەوازونی لە دەست دابوو، هەروەها هەڵسوكەوتی نا دروست و بە دەر لە عورف و عادەتی كەسی ئاسایی لێ وەدەركەوت ، لەم حاڵەتەدا ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان پێی وایە كە درووستە لە سەر فەتوای ( متأخرين) ی زانایانی ئەحناف لەوانە شێخی ئبن و عابدین كە فەتوای داوە لەو كاتەدا تەلاق نەكەوێت، دوای سوێند خواردنی تەلاقدەرەكە لە سەر شێوەی توڕەبوونەكەی، هەروها هەندێك لە ( متأخرين) ی حەنابلەكان لەم بابەتە هەمان فەتوایان هەیە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان سەرجەم لیژنە فەتواكانی ڕادەسپێرێت كە زۆر بە وریایی و بە پێی هەلومەرجی تەلاقدەرە و خێزانەكەی لە چوارچێوەی تەقوادا – فەتوای دروست- بدەن، چونكە لە كەسێكەوە بۆ كەسێك و لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر دەگۆڕێت.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان

٣٠ – ٤ – ٢٠١٩ ز / ٢٤ ی شەعبانی ١٤٤٠ ك

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ أربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org